# دەستتان خۆش برادەرانی "ئەشرەف"
# سوپاس کوردستان تیڤی




Hamaswar69@yahoo.com

**حەمەسوار عەزیز**


**بەشی یەکەم**

نامەوێ لەم نووسینەدا باس لە ناوەڕۆک و فۆرمی هونەری درامای (نامەکانی ئەشرەف) بکەم کە لە لایەن دەرهێنەر لوقمان غەریب بەهاوکاری کۆمەڵێک هونەرمەندی دیاری بواری شانۆو دراما بەرهەمهێنراوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت قسە لەسەر کارێکی هونەری بکات پێش ئەوەی بیبینێت و بەباشی لێی وردبێتەوەو شرۆڤەکاری لایەنە باش و خراپەکانی بکات، رەنگە ئەمە بۆ دوای نیشاندانی دراماکە هەڵگرم ئەگەر بینیم ئەو بەرهەمە شایستەی ئەوەیە قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەم دوو هەنگاوی گرنگن کە پێمخۆش نییە ئاوا بە بێدەنگی بەسەرماندا گوزەر بکات، یەکەمیان جورئەتی ئەو هونەرمەندانەیە کە ئەو درامایەیان بەرهەمهێناوەو بەشدارییان لەو درامایە کردووە، هەر لەسینارێست و دەرهێنەرو کامیرامان وئەکتەرە بەشداربووەکان و کارکەرانی بورای هونەری و تەکنیکی و هەموو ئەوانەی پشکێکی دروستکردنی ئەو کارەیان بەردەکەوێت، بە تایبەتیش برای دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر (لوقمان غەریب) و هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە وەکو بیستم بێ گرێبەست کاریان لەو درامایە کردووەو یەک تاکە دیناریان وەرنەگرتووە تا ئەو کاتەی دراماکە لە لایەن سەتەلایتی کوردستان کڕدراوەتەوە، دووەمیشیان ئەو هەنگاوە جوان و بەجێیەی سەتەلایتی کوردستانە کە رێگەی نەدا ماندووبوون و هیلاکی ئەو برادەرانە بەهەدەر بچێت و دراماکەی کڕییەوە.

سەرەتا بە شرۆڤەکردنی هەنگاوی لوقمان غەریب و هاوڕێکانی دەسپێدەکەم، دەمەوێ بەو پرسیارەش دەسپێبکەم بۆ هونەرمەندێکی وەک لوقمان کە دەرهێنەرێکی زۆر ناسراو نییە جورئەت دەکات لەسەر ئەرکی خۆی کۆمەڵێک ئەکتەرو کادیری هونەری وتەکنیکی کۆدەکاتەوەو درامایەکی (٢٤) ئەلقەیی دروستدەکات، لە کاتێکدا کۆمەڵێک هونەرمەندو دەرهێنەری ناسراو هەیە کە زیاتر لە جارێک دەرفەتیان پێدراوەو کاریان کردووە، جورئەت ناکەن کارێکی لەم شێوەیە بکەن، کەچی دەبینین لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان و شاشەی تیڤیەکان و رووپەری سایتەکان سەری زمان و بنی زمانیان ئەوەیە کەحکومەت هاوکارییان ناکات و بوودجەی باشیان بۆ دابین ناکات کەبتوانن دراما دروستبکەن، کەبەداخەوە بەشێک لەو برادەرانە نەوەکو هەر هاوکاری کراون، بەڵکو بوودجەی قەبەشیان لە لایەن حکومەتەوە بۆ تەرخانکرا، بەڵام دەرەنجامی ئەم هاوکارییە چەند درامایەکی سەقەت و شێواو بوون کە ئێستاش لە کۆگای سەتەلایتی حکومەت خەوتوون و شایستەی ئەوەنین نمایش بکرێن، چونکە وەکو دەڵێن زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە، نمایشنەکردنی ئەو درامایانەش (ببوورن کە دەڵێم دراما) نیوەی زەرەرەکەیەو ئەگەر ئەو درامایانە نمایشبکرێن زەرەرەکە دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندە دەبێتەوەو کورد گوتەنی رەنگە حەیاچوونی بەدواوە بێت، وەک ئەوەی لەدوای نمایشکردنی هەندێ دراماکانی سەتەلایتی حکومەت روویداو وابزانم پێویستیش ناکات ناوی ئەو درامایانە بێنم چونکە بینەری ئێستا زۆر وشیارە و دەزانێت کامانەن ئەو درامایانەی کە تەنها بۆ خورمژەکە دروستکراون.

بۆیە ئەگەر لەمەودوا سیاسەتی حکومەت ئەوە بێت کە پارە بۆ دراما خەرجنەکات و لەبەرانبەر ئەوەشدا ئامادەیی تێدابێت کە ئەو دراما باشانە بکڕێتەوە کە لە لایەن کەرتی تایبەت و کۆمپانیا هونەرییەکان دروستدەکرێن، پێموایە ئەوە یەکەم هەنگاوی دروستە لەسەر ئەو رێگەیەی کە رەنگە بمانگەیەنێتە وێستگەیەک کە تیایدا قەدرو قیمەتێک بۆ هونەرمەندانی ئەو بوارە بگەڕێنینەوە، دەکرێت ئەو هەنگاوەی لوقمان و هاوڕێکانی ئەو زەنگە بەهێزە بێت کە هەمووان بە ئاگا بکاتەوە، بە هونەرمەندو بەرپرسانی هونەرەوە، ئیتر هونەرمەند ئەو ئینسانە لاوازە نییە کە رۆژانە لەبەر دەرگای ئەو وەزارەت و ئەم لێپرساو سواڵی دروستکردنی درامایەک بکات، ئیتر هونەرمەند ئەوانەن کە کار دەکەن و متمانەشیان بە خۆیان هەیە کە کارەکەیان جێگەی خۆی دەگرێت و دەتوانن بازاڕی بۆ دروستبکەن و لە قازانجی بەرهەمەکەشیان هەم بژێوی ژیانی خۆی و هەمیش لە کارە هونەرییەکانی بەردەوام بێت، چونکە بەداخەوە کۆمەڵە کەسانێک لەو بوارە نمونەی ئەوەندە ناحەزو قێزەوەنیان نمایشکرد، کەبووە پەڵەیەکی رەش لە ئاسمانی جوانی هونەرو هونەرمەندیشیان ئەوەندە ناشیرین کرد لەبەر دەم دەسەڵات، کە خەریکبوو دەسەڵات لە روانگەی ناحەزی ئەو کەسانەوە هەموو هونەرمەندان بخاتە یەک سەبەتەوە، چونکە کەم نەبوون ئەوانەی بە پارەو بوودجەی قەبەی حکومەت لە جیاتی ئەوەی کاری جوان و دانسقە دروستبکەن و کۆشکی داهێنان و شکۆمەندی هونەری بۆ خۆیان و هونەرەکەیان دروستبکەن، بەداخەوە لە جیاتی ئەوە کۆشکی گەورەیان دروستکردو سەیارەی جوانیان کڕی، کە خۆیان هەم لەبەر دەم کۆشکەکەو هەم لەپشت ستێرنی سەیارەکانەوە وەک قەزەمێک دەر دەکەوتن و کەسایەتی مەعنەوی هونەرمەندیشیان لە بەنێو زەوی و تاریکایی رەشی دەریادا نغرۆ کرد بێئەوەی رێز لەو مێژووە جوانەی هونەری کوردی بگرن، وایانکرد هەموو کەس و لایەنەکان هونەرمەند بە بچوکی ببینن، لەمەش زۆر ماڵوێرانتر ئەوەبوو وایان لە زۆرێک هونەرمەندی خاوەن هەڵوێست کرد کە بکەونە پەراوێزەوە، لە بەرانبەریشدا گۆڕەپانەکە لە لایەن کۆمەڵێک کەسەوە قۆرخکرا کە هەموو شتێکیان لە هونەرمەند دەچوو تەنها ئاکارو بەرهەمەکانیان نەبێت.

# ڕێز لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر دەگیرێ

**خەلیل یابە کەریم**



لەکاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠١٠/١/٢٥ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (ناوەندی بالا)، بەسەرپەرشتی پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی هەڵسا بەخەڵاتکردن و ڕێزگرتنی نزیکەی (١٠٠) کەسایەتی شاری هەولێری دێرین لە هونەرمەندان و وەرزشوانان و ڕاگەیاندنکاران و پۆلیس و ئاسایشی هەولێر، ئەوانەی کە خزمەتێکی بەرچاوی شاری هەولێریان کردبوو هەر چینێک و لەبواری خۆیاندا و جێ پەنجەیان دیارە لە پێشکەوتن و بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایش لەشاری قەڵا و منارە، مەراسیمەکەش بریتیبوو لە وتاری پارێزگاری هەولێر کە ستایشی ڕۆڵی خەڵاتکراوەکانی کرد و باسی لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو کەسایەتییانە کرد بۆ پێشڤەچوونی شاری هەولێر لە هەموو بوارەکانی ژیان، پاشان ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وتەیێکی پێشکەشکرد کە تیایدا باسی لە هەوڵ و خەبات و کۆششی ئەم کەسایەتییانە کرد، لەپاش ئەو مەراسیمە خەڵات و بڕوانامەی تەقدیری لەلایەن نەوزاد هادی و سەفیری هۆڵەندی و سۆران عیزەدین فەیزی و عەمید عەبدولخالق بەسەر ئەم کەسایەتییانە دابەشکرا، ئەو ڕێزگرتنە بەمشێوەیە جێگای دڵخۆشی هەموو لایەک بوو، چونکە ئەم ڕێز لێگیراوانە هەرچەندە ئەم خزمەت و ماندووبوونەیان کە لە بوارەکانی جیاجیا پێشکەشکردووە بۆ ئەوە نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان پاداشتی وەرگرنەوە، بەڵکو بەئەرکی خۆیانیان زانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند خۆشە کەسانێک هەبن تەقدیری ئەم داهێنان و ماندوو بوونە بکەن، لەوکاتەی ئێمە دەستخۆشی لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (ناوەندی بالا) دەکەین هیوادارین نموونەیان زۆربێ و ئەو داهێنەرانە هەتا لە ژیان ماون خزمەتەکانیان لەبەرچاو بگیرێ نەک لەپاش کۆچکردنیان بەشان و باڵیان دا بگوترێ، دیسان دەڵێم یەکێتی لاوان کارێکی چاکی ئەنجامدا، بەڵام بەداخەوە ئەم شوێنە زۆر تەسک و تریسک بوو، شانۆیەکە زۆر بچووک بوو بەتایبەتی وێنەگرانی فۆتۆگراف و تەلەڤزیۆنی ئەوەندە زۆربوون لەکاتی کارکردنیان ناوبڕیان لەنێوان شانۆ و ئامادەبووان پەیدا دەکرد و دەبوونە هۆی فەوزایەک وەک دەڵێن کەس بەکەس نەبوو، چونکە دەبوایە لەکاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان شانۆ لە دانیشتوان دیار بێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەنگاوێکی چاک بوو کە لاوان دەستپێشخەری کرد، ئەم کەموکورتیانەش لەم کارە پیرۆزە کەم ناکاتەوە و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.

## ڕۆژگارێک




**لە ڕاستەوە هونەرمەندی میوزیکژەن سەلاح ڕەئوف– هونەرمەندی میوزیکژەن دڵشاد محەمەد سەعید.**

**هەولێر –١٩٩٠/٦/٢٨**

**بۆ یەکەمینجار ئەم وێنەیە بڵاودەکرێتەوە**

**ئەرشیفی:**
**جیهانبەخش کۆیی**

# کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە نێوان دەرچووانی


د.جەوهەر فەتاح


جوان جەلال


هیوا سوعاد

**ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازل- بنار عەبدولئیلا**

کۆلێژی هونەرە جوانەکان یەکێکە لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندن و هونەر لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی (٢٠٠٤- ٢٠٠٥) لە سەردەستی چەند هونەرمەندێکی لێهاتوو یەکەمین پۆلە قوتابی خۆی وەرگرت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە وەکو پێویست قوتابییانی دەرچووی ئامادەیی رووی تێناکەن، لەگەڵ ئەوەی رێژەی سەدا (٧٠) ی کورسییەکانی کۆلێژ بۆ دەرچووانی شەشەمی ئامادەییە و لە سەدا (٣٠)ی بۆ دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، کەچی ئەوانەی زیاتر بە پەرۆشەوە هەوڵی خوێندن لەم کۆلێژە دەدەن دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن.

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.جەوهەر فەتاح سەعید، راگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان، دەربارەی شێوازی وەرگرتنی قوتابییان لەم کۆلێژە گوتی"** بەپێی ئەو رێنمایانەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەردەچێت، ئەویش بریتییە لە ڕێژەی لە سەدا (٣٠) بۆ دەچووانی پەیمانگا و لە سەدا (٧٠) بۆ دەرچووانی ئامادەییێت، جگە لەمەش ساڵانە دوو قوتابی بۆ هەر بەشێک لە کۆلێژ لەلایەن لقی هەولێری رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان بۆمان رەوانە دەکرێت" سەرەڕای ئەوەی کورسی زیاتر بۆ دەرچووانی ئامادەییە، کەچی زۆربەی قوتابییانی وەرگیراو دەرچووی پەیمانگان، ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خواستی دەرچووانی ئامادەیی کەمترە لە رێژەیەی دیاریکراوە، بۆیە لەم کاتەدا ئێمە بە نووسراوێک سەروی خۆمان ئاگادار دەکەینەوە کە توانای وەرگرتنی دەرچووی زیاتری پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان هەیە و لاریمان نییە لە وەرگرتنیان، بۆ نموونە ئەمساڵ لە کۆی وەرگرتنی (١١٦) قوتابی لە کۆلێژەکەمان (٦٩) قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن و (٤٧) قوتابی ئامادەیین".

لەبارەی کەمی ژمارەی وەرگرتنی قوتابییان بەگشتیش گوتی" لەبەر کەموکوڕی و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ و شوێنی شیاو بۆ گوتنەوەی وانەکان ناتوانین رێژەیەکی زۆری قوتابییان وەربگرین و ساڵانە توانای وەرگرتنی (١٢٠ تا ١٣٠) قوتابیمان هەیە بە هەر چوار بەشەکە".

بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکان، فەرهەنگ غەفور، لە بارەی وەرگیرانی قوتابییانی پەیمانگا بۆ کۆلێژی هونەرە جوانەکان گوتی" پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هەندێک لەو رێنمایانە دابچێتەوە بۆ ئەوەی دەرچووانی پەیمانگا زیاتر لەو رێژەیەی کە دیاریکراوە وەربگیرێن، چونکە ئاشکرایە کە ئەو قوتابییانەی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن ئەزموونی هونەری زیاتریان هەیە لەو قوتابییانەی کە دەرچووی شەشەمی ئامادەیین".

**سەبارت بە چۆنییەتی وەرگیرانی قوتابییان و رێنماییەکانی وەرگرتن لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن پرۆفیسۆری یاریدەدەر خاتوو جوان جەلال شەریف گوتی"** بەپێی ئەم رێنمایانەی کە کارپێدەکەین دەبێت قوتابییانی دەرچووی ئامادەیی کۆی نمرەکانیان لە (٦٠) کەمتر



# پەیمانگای هونەرە جوانەکان و شەشەمی ئامادەیی

نەبێت و دەبێت قوتابییانی دەرچووی پەیمانگا کۆی نمرەکانیان لە (٧٠) کەمتر نەبێت، لە هەمانکاتیشدا ئەو قوتابییەی کە فۆرمی ئەم کۆلێژە پڕدەکاتەوە دەبێت لەو تاقیکردنەوەیە دەربچێت کە لە کۆلێژ بۆ هەر قوتابییەک ئەنجامدەدرێت، کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئاستی هونەری" لەبارەی مەرجەکانی وەرگرتنی ئەندامانی رێکخراوی هونەرمەندانیش دەڵێت" رێکخراوی هونەرمەندان بۆی هەیە ساڵانە چەند ئەندامێکی خۆی رەوانەی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بکات ، بەڵام دەبێت دەرچووی پەیمانگا یاخود شەشەمی ئامادەیی بێت و تەمەنی لە (٤٠) ساڵ زیاترنەبێت و لە تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندنی ئاستی هونەری لە کۆلێژ دەربچێت".

**هیوا سوعاد، سەرۆکی لقی هەولێری رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، سەبارەت بە بەشە کورسی هونەرمەندان لەم کۆلێژە گوتی"** وەکو رێکخراوی هونەرمەندان سوپاسی وەزارەتی خوێندنی باڵا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان و ناوەندی وەرگرتنی قوتابییان دەکەین بۆ ئەم دەرفەتەی کە بە ئەندامەکانی ئێمەیان داوە، لە رێگەی وەرگرتنی چەند قوتابییەک بۆ کۆلێژی هونەرە جوانەکان، کە ژمارەیان (٨) قوتابییە، لەسەرەتادا چوار قوتابییان بۆ رێکخراوی هونەرمەندان دانابوو واتا بۆ هەر شارێک یەک قوتابی (هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دهۆک)، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەولێر پایتەختەو ئەندامێکی زۆریشمان هەیە و کۆلێژەکەش خۆی لە هەولێرە، بۆیە داوامانکرد کە ژمارەی کورسییەکانمان بۆ زیاد بکەن، ئەوەبوو کە بۆیان کردین بە (٨) کورسی تەنها بۆ شاری هەولێر". بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان دەیانەوێ لەم کۆلێژە بخوێنن ئەمەش وای لە ئێمە کردووە کە ناچاربین تیروپشک بۆ ئەو ئەندامانە بکەین کە داوامان لێدەکەن لە کۆلێژ بخوێنن، لەبەر ئەو بارگرانییەو داواکارییە زۆرانەی کە ساڵانە رووبەڕوومان دەبێتەوە لەلایەن ئەندامەکانمانەوە بۆیە ئێمە زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەین کە ئەو ئەندامانە بە تیروپشک هەڵبژێرین، دەبێت توانایەکی باشی هونەری هەبێت و خاوەن ئەزموونبێت، مەرجەیشە ئەندامی کارای رێکخراوبێت".

**رۆژان قادر قوتابی پەیمانگای هونەرجوانەکان دەڵێت"** داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەین کە ئەو رێژەیەی بۆ قوتابییانی پەیمانگا دانراوە زیاد بکرێت، چونکە دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان خاوەنی ئەزموونی هونەری زیاترن و بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە مامەڵیان لەگەڵ هونەردا کردووە".



فەرهەنگ غەفوور



رۆژان قادر



چیا شەعبان

**چیا شەعبان کەلە ئامادەییەوە هاتووە، قوتابی قۆناغی چواری بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانە، لەبارەی جیاوازی ئاستی قوتابییانی کۆلێژەکە گوتی"** من وەکو قوتابییەک کە لە ئامادەییەوە هاتوومەتە ئێرە پێویستە زیاتر خۆم ماندوو بکەم لەو قوتابییانەی کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە هاتوون، چونکە ئەوان پێشینەیەکی هونەرییان هەبووە لە پەیمانگا، بەڵام کەسێک کە لە ئامادییەوە دێت بۆ کۆلێژ رەنگە بەشێوازێکی ئەکادیمیانە مامەڵەی لەگەڵ هونەردا نەکردبێت، هەرچەندە ئەمە نابێتە بەربەست لەبەردەم ئەو قوتابییانەی کە ئارەزووی فێربوونی هونەریان هەیە، چونکە تەواو سوودمەند دەبن لەو وانانەی کە لە کۆلێژ دەخوێنرێت".



# عەلی ساڵح بادینی



وریا ئەحمەد

مام عەلی سەرەتا ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی بۆگوتین:

**گۆرانی یەکەم**

**(بایێ شەمار)**

گۆرانی (شەنەبا)یە:
بایێ شەمار بایێ شەمار
بایێ شەمار بە پاییزێ
خەو خۆشە لەگەڵ (مامز){1}ێ

* * *

بایێ شەمار بایێ شەمار یاڵلا هەرکەی بایێ شەمار

* * *

**گۆرانی دووەم**

**(گۆرانی درویێنە)**

ڕۆژ هەرات{2} وتاو هەرات لەسەر سەرێ (سەفین)ی
شەوق وشبەقی خیدا لەسەر چیای (حەمرین)ی
بەژنێ باریک ڕاوەستا لەسەر زوورگی ڕەشکینی
بەژنی شتڵە نەمامە مەمکی شانەی هەنگوینی
کوڕ بخوا لە خورێنی سەفرای پێ دەپەڕێنی

* * *

**گۆرانی سێیەم**

**گۆرانی (ساوار کوتان){3}**

ئەی گوڵ ئەی گوڵ ئەی گوڵ ئەی گوڵ
باوانم گوڵ باوانم گوڵ
گوڵم دەچاند گوڵم دەچاند
لە دەورەی بیر لە دەورەی بیر
نەیگرت نێچیر نەیگرت نێچیر
حەیفە خونچە حەیفە خونچە
لۆ پیاوی پیر لۆ پیاوی پیر
یاڵلا و یاڵلا یاڵلا و یاڵلا

* * *

هەروا دەڕوا هەروا دەڕوا
شیلان شیلان شیلان شیلان
خۆی لێ مەدە خۆی لێ مەدە
تەڕە ژنە تەڕە ژنە
یاڵلا و یاڵلا یاڵلا و یاڵلا

* * *

**گۆرانی چوارەم**

**گۆرانی (دەڕژێ)**

هە دەڕژێ دەڕژێ هە دەڕژێ خڕی کەوە
ڕۆینت ڕۆینی مامزی قاسپەی دێ دەرێی کەوە
هاتم لە لای ئەو ژێرە گێت{4} بۆ بەندم ڕادێرە
مەمکی کوارگە عەترە ناوێرم چیکە برێم
عومرم کیژێ فەقیری بە کراسەکەی هەریری
مەمکی وەکی پەنیری ناوێرم لۆ خۆ بگرم
دەگەڕێم بە یەخسیری

**گۆرانی پێنجەم**

**گۆرانی (دروونەی بەکرەیی)**

هەی لەیلم لەیلم لەیلم نازمەکە
دەگرم شەمامان بانگەواز مەکە
دەگرم شەمامان تۆ دەنگێ مەکە
شەمامەی زەردن تەرحی لیمۆیی
لۆم بە دیاری هات لەلای (شنۆ)یێ
شەمامەی سۆرن تەرحی لیمۆیێ
بۆم بە دیاری هات لە وراتی کۆیێ

* * *

تێبینی: ئەم گۆرانییەی دروونەی بەکرەیی، (ڕەزم)ی گۆرانییەکە(٤/٦)ە و زۆر (گران یا لەسەرەخۆ) یە، مام عەلی بۆ ئەو تێبینییەی من گوتی: گۆرانییەکانی کارکردنی وەک: (دروونە، ساوارکوتانەوە، شەنەبا .. تاد) گوتن دەبێ لە گەڵ جۆری ئیشەکە بسازێت، هەروەها گوتی: ئێمە ناتوانین (بەستە)ی بە هەوەسی خۆمان بۆ نموونە: بۆ ساوار کوتانەوە بڵێین.

* * *

**گۆرانی شەشەم**

**گۆرانی (بووکانە بووکانە بووکێ)**

بووکانە بووکانە بووکێ
بووکانە بووکانە بووکێ
بووکمان گەلە جوانە بووکێ
بووکمان گەلە جوانە بووکێ
لێت پیرۆز بێ زاوا بووکێ
لێت پیرۆز بێ زاوا بووکێ

* * *

مام عەلی بادینی لێرانە گوتی: جاران (جەڕە) وشتی لەو بابەتانە کەمبوو، یا هەر نەبوو، لە جیاتی ئەوانە (کوندە) هەبوو، جا کە سەپانەکان بەرەکەیان دەگەیاندە سەری، لەوێڕا دەگەڕانەوە، جا سەپانەکان ئەم بە ئەوی دی وئەوەیان بە یەکی دیکەی دەگوت: شتێ بڵێ؟ تا دەگەنە لای کوندەکە بۆ ئاو خواردنەوە ونەختێکیش دادەنیشتن.

لەوکاتانەدا ئەم گۆرانییەیان دەگوت.

**گۆرانی حەوتەم**

ئەمان کەزی دەخیل کەزی
ئەمان کەزی دەخیل کەزی
دەستم لەسەر مەمکان تەزی
ئەمان کەزی کەزی دووە
لەسەر ملان هاتووچووە
ئەمان کەزی کەزی سێیە
لەسەر ملان هاتۆ چۆیە

**مام عەلی دیسان گوتی:** زۆرجاریش هەیە کاتێک دروونە تەواو دەبێ وتەنیا (بەرەک) یا شتێکی وا دەمینێ، مەبەستم جێگەی (ڕبە)یەک دوو ڕبە دەمینێ، سەپانێک بەوەی دی دەڵێ: فرانێ؟ ئەوەی دی دەڵێ: ها. سەپانی یەکەم دەڵێ: دەبی ئەوەی ماوەتەوە بیکەینە (سەربڕین)! جا یەک بەوی دی دەڵێ: شتەکی برێ هەتا دەست بەسەر بڕینی بکەین. جا لێرانەدا گۆرانی ناڵێن، بەڵکو شتێکی (ئایینی) دەڵێن، بۆ ئەوەی بەرەکەتی بکەوتێ! ئەوجا بە (٥٠) یا (٦٠) عەربەی سەردەبڕن، لەگەڵ ڕۆیشتن و دروونە دەڵێ:

چلا ئیلاهە ئیللەڵلا
قەومی (جوان)(5) کۆرە بی
ژنیان جوانە لۆمەبی
لا ئیلاهە ئیللەڵلا

* * *

**گۆرانی هەشتەم**

**گۆرانی (فاتمێ زاڵمێ)**

فاتمێ زاڵمێ هەر کەنگی هەتا کەنگی
فاتمێ زاڵمێ مەمکت سێوێ فەرەنگی
فاتمێ زاڵمێ لە کێم دیت ولە کێم دیت
فاتمێ زاڵمێ لەسەر کانیێ بە تەمتەم

* * *

**گۆرانی نۆیەم**

**گۆرانی (شایی سووسکەیی)**

لێ دینێ دینێ دینێ لێ دینێ دینا من
لێ دینێ دینێ دینێ لێ دینێ عەمەر عیسا
لێ دینێ دینێ دینێ قەیتانا دەرکا کیسا
لێ دینێ دینێ دینێ لێ دینێ دینا من
لێ دینێ دینێ دینێ پۆڕ سەرێ کەوی من

* * *

**گۆرانی دەیەم**

**گۆرانی (شایی سێ پێ یی)**

منجۆلیم منجۆلییە لێ لێ منجۆلی
منجۆلیم کچە شێخە داد لێ منجۆلی
ئێواران جێی ڕادێخا لێ لێ منجۆلی

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە هەولێر لە ماڵی خۆیان ڕۆژی (١٩٨٥/٧/٩) ئەنجامدراوە.**

ئەندێشەی چاک

# پێداویستییە راستەقینەکانمان چین؟



د. فازڵ جاف

گرینکە بە راستی بزانین چیمان پێویستە، هەرگیز پارە وکات بە شتێک نەدەین کە تەواو دڵنیا نەبین لەوەی کە پێویستمان پێیەتی، دەبێت پێداویستییە راستەقینەکانمان بە وردی دەستنیشان بکەین، ئەگەر پێداویستییە راستەقینەکانانی ژیانی رۆژانەم بەڕاستی دەستنیشان بکەین، دەبینین لیستی ئەو پێداویستییانە زۆرجار دەگەنە نیوەی ئەوەی کە رۆژانە دەیانکڕین، بە تایبەت ئەگەر باری ئابووری وداریمان باش بێت، چونکە دەوڵەمەند وخۆش گوزەرانەکان، لیستی کوتاڵکڕینیان، بێ ئەوەی پێویست بکات تا دێت زیاد دەکات. گەورە شاعیر رۆمانیتکی بەریتانیا دەڵێت: شتکڕینی بێ هوودە وبێ ئامانج سروشت دەشێوێنێت.
داهێنان و ئەندێشەی داهێنەرانە، لە ژیانێکی سادە و راستەقینەوە دێتە کایەوە، بایەخدان بە کوتاڵ وناومالەی زیاد لە پێویست، زۆرجار نیشانەی بێزاریە لە ژیان خۆی، نیشانەی ژیانێکی وشک وبرینگە.
رۆژێک بە رێکەوت لە لەندەن سەردانی دوستێکم کرد، دەمزانی زۆر بایەخ بە ناومالەکەی دەدات، کە چاوم بە مالەکەی کەوت ، بەراستی دەکرا بکرێت بە نموونەیەک بۆ یەکێک لە گۆڤارەکانی دیکۆری قەشەنگ ومۆدێلی نۆیی ناو ماڵ، دەبێت چەند کات و ووزە و پارەت پێویست بێت بۆ دابینکردنی ناومالێکی لەم جۆرە؟ کە پرسیارم لە دۆستەکەم کرد، گوتی: ئەی ئەگەر خۆم بە ناومالەکەوە خەریک نەکەم چی بکەم؟ دەزانی تەنیا دوو کتێبم لە مالەکەیدا دۆزیەوە، ئەو دوانەش دەبارەی هونەری چێشتلێنان و مۆدێلی مۆبێلە بوون، ئەو جۆرە کەسانە، هەموو دەمێک کە هەست بە بێزاری دەکەن، شتێکی نوێ دەکڕن، تەلەڤزیۆن وقەنەفەی ناو ماڵ یان ئۆتۆمبیلەکانیان دەگۆڕن، کە رەنگە دەمێک بێت هەمان شتیان هەبێت وپێویستیان بە دانەیەکی نوێ نەبێت، ژیانی ئیسراحەت و تەمبەڵی هەموو هەست وهۆکارێکی داهێنانیان لە لا دەکوژێت. تەمبەڵی و ژیانی پاسیڤیش دژ بە داهێنان وئەندێشەی داهێنەرانەیە. دۆستەکەم ئێواران پاش کارەکەی کاتێکی زۆر بە بازاڕیکردن وشتومەک کڕین لە سوپەرماکێتەکانی شەقامی ئۆکسفۆرد بە سەردەبات، چونکە هەست بە بێزاری دەکات و پەی بە داهێنانێکی دیکە نابات.

## داهێنانێک کە بوونت تەژی بکات، نەک گیرفانت پڕبکات

شێوازێکی سادەی ژیان تەنیا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بزانیت تۆ خۆت کێیت؟ چیت دەوێت؟ چیت پێ خۆشەو چیت خۆشت دەوێت؟لایەنی روحی وزەینی ودەروونیت چی دەخوازێت؟ بە پێی وەڵامی ئەم پرسیارانە پارەو کاتی خۆت زۆر بایەخدار دەبن و هەروا بە خۆڕایی لە دەستیان نادەیت. داخوازییە سروشتییەکانی ناخی ئادەمی زۆر کەمن، ئەگەر راستکۆیانە خۆت بدوێنیت و پەی بە پێداویستیە راستەقینەکانت بەریت، چونکە سروشت زیادە قبووڵ ناکات. زۆر پوخت و کەم بیانوە، ئەم پرسیارانە رێچکەی راستەقینەی ناخی خۆت بۆ خۆش دەکەن، ئەو ئەندێشە داهێنەرانەیەی کە خولیای راستەقینەتە، ئامانجێک کە باوەڕت پێیەتی و دەتەوێت بەدی بهێنیت. ئامانجێک کە مەبەستی سەرەکی پاداشتی ئابووری و ناوبانگ و خۆدەرخستن نەبێت. ئەمانجێک کە خودی راستەقینەی خۆت بسەلمێنێت وببێت بە سەرچاوەی ووزەو وتینی ژیانت. داهێنانێک کە بوونت پڕ بکات نەک گیرفانت.
کە دەڵێم پەیبردن بە خواست وپێداویستیە راستەقینەکانمان پێوەندییەکی بە تینی بە کاتەوە هەیە، مەبەستم دوو شتە: یەکەمیان ئەوەیە کە نرخی کات دەزانین وبەفیڕۆی نادەین، دووەمیشیان ئەوەیە کە لەگەڵ سروشت وجیهان وکۆمەڵگەدا لە هارمۆنیاو بەلانس وهاوسەنگیدا دەژین، چونکە سروشت خۆی بە ریتمێکی زۆر ناسک و دامەزراو بەرێوە دەچێت، زەمەنی سروشت و گەردوون وەکو زەمەنی مۆسیقا وایە، هەڵە وزیادە قبوڵ ناکات و بە پێی یاسایەک دەڕوات، ئەو کەسەیش کە لە رووی روحی وزەینیەوە ریتمی خۆی دەدۆزێتەوە لەگەڵ خودی خۆی ودەوروبەر لە هارمۆنیا وهاوسەنگیدا دەژێت.
نووسەری ئەمریکایی خاتو سیسیلی ئەندرێوز لە کتێبەکەیدا" بازنەی سادەیی" هەندێک رێنمایی بە کەڵک پێشنیاز دەکات، کە دەکرێت بەر لە کڕینی هەر شتێک هەر کەلوپەلێک سوودیان لێ وەرگرین:بەر لەوەی بڕیاری کڕینی هەر شتێک بدەیت، ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە:
-بەڕاستی من پێویستیم بەوەیە ئەم شتە بکڕم؟ ئایا شتێکی دیکەم نییە کە لە بری ئەم شتە بەکاری بێنم؟
-کڕینی ئەم کوتاڵە چەند گرنگە و چی کاریگەریەکی بۆ ژیانم هەیە؟
-ئایا نرخی ئەو کوتاڵە ئەوە دێنێت، بە بەراوورد لەگەڵ ئەو کاتەی کە بۆ بەدەستهێنانی پارەکەی تەرخانت کردووە؟
-دەکرێت بە نیوداشت"بەکارهێنراو"ی بیکڕیت؟ یان بەکرێی بگریت؟یان بۆ ماوەیەک قەرزی بکەیت؟یان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بە هاوبەشی بیکڕن؟
-لە کوێ دەیکڕیت؟
-کاریگەری ئەو شتەی دەیکڕیت لە سەر ژینگە چییە؟
-ئەو کارگانەی کە ئەو کوتاڵەیان دروستکردووە، لە رووی ئینسانیەوە، چۆن رەفتار لەگەڵ کارمەندو کرێکارەکانیان دەکەن؟

# بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی مۆزیک و کۆتاییهێنان بە خولی (تیۆری میوزیک)



**بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی میوزیکی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرو لاوان یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە هەمیشە پەرە بە ئاستی هونەریی هونەرمەندان دەدات بۆ بەرەوپێشچوونی هونەری کوردی، بۆیە ئەمجارەش هەستا بە کردنەوەی خولێکی میوزیکی و گۆرانی بۆ ماوەی(٤٠) رۆژو بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.**
**بۆیە ئێمەش وەکو گۆڤارەکەمان پێمان باش بوو لە نزیکەوە چۆنیەتی خولەکە بە خوێنەران ئاشنا بکەین:**

**راپۆرت: بنار عەبدولئیلا- رۆژگار فازڵ**
**وێنە فازڵ فەرامۆش**

**سەرەتا بەڕێز (شێرزاد سەرسپی) بەڕێوەبەری هونەرەکانی میوزیک لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان،** سەبارەت بە وردەکارییەکانی ئەم خولە بەمشێوەیە بۆمان دوا: مەبەستمان لە کردنەوەی ئەم خولە کە ماوەی (٤٠) رۆژی خایاند ئەوە بوو کە زیاتر پەرە بە ئاستی هونەری ئەو هونەرمەندانە بدەین کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان فەرمانبەرن، ئەو بەشداربووانەش پێکهاتبوون لە میوزیکژەنان و گۆرانیبێژان، هەوڵمان دا لە رووی تیۆری میوزیک و شیکردنەوەی مەقامە کوردییەکان و سۆڵفێج و رۆشنبیری هونەری بەشێوەیەکی زانستی بۆیان دەستەبەر بکەین بۆ ئەوەی زیاتر توانایی هونەریان بەرز بکەینەوە.
بەخۆشحاڵییەوە هونەرمەندان پێشوازییەکی باشیان لەم خولە کردو توانییان تاڕادەیەکی باش سوودی لێوەربگرن، ئەم خولە لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بە توانای بواری میوزیک و گۆرانی بەڕێوەچوو، وەکو: سەید ئەحمەد رەواندزی، فەرهەنگ غەفور، جەودەت شاکر و خۆشم بەشداریم لە گوتنەوەی چەند وانەیەک کرد، لەم چەند رۆژەی رابردوودا دەستمانکرد بە تاقیکردنەوەی بەشداربووانی خولەکە و بەوەڵامی تاقیکردنەوەکاندا دەچینەوە بۆ ئەوەی بزانین کە ئاستی فێربوونی بەشداربووان چۆنەو تا چەند سوودمەند بوون لە خولەکە، جگە لەمەش ئێمە سێ پلەمان بۆ بەشداربووان داناوە کە ئەوانیش پلەکانی نایاب و باشەو مامناوەندین، مەبەستمان لە دانانی ئەم پلانە ئەوەیە کە ئەو کەسانە دیاری بکەین بە چ پلەیەک سوودیان لە خولەکە وەرگرتووە، هەروەها بەڕێزی لە بارەی کارو چالاکییەکانی داهاتووی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان گوتی: ئێمە پێمان باشە کە ساڵانە چەند




خولێکی لەم جۆرە بۆ هونەرمەندان بکەینەوە، چونکە هونەرمەندان هەمیشە پێویستیان بە نوێبوونەوەی زانیارییەکانیان هەیەو پێویستە سالآنە چەند خولێکی لەم شێوەیە ببینن و، دیارە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم خولە بە پشتیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەرو بەبێ هیچ خەرجییەک ئەنجامدراوە.

**دواتر میوزیکژەن سەید ئەحمەد ڕەواندزی کە یەکێک بوو لە مامۆستاکانی ئەم خولە گوتی:** لە ڕاستیدا ئەم جۆرە خولانە زۆر پێویستن بۆ هونەرمەندان ئێمە لەم (٤٠) ڕۆژەدا هەولّماندا بەهەر شێوەیەک بێت بتوانین کۆمەلّێک زانیاری لەبارەی هونەرەکانی میوزیک و گۆرانییان پێببەخشین بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە و پێشبینی ئەوەش دەکەم کە بتوانن لە داهاتوودا سوودێکی باشی لێوەربگرن، لە کۆتایی، خولەکەشدا تاقیکردنەوەمان پێیان کردو بڕوانامەشیان بەسەردا دابەش دەکەین.

**هونەرمەند میوزیکژەن مامۆستا ئازاد کە سەرۆکی بەشی میوزیک بوو لە خولەکەدا بەمشێوەیە بۆ گۆڤارەکەمان هاتە ئاخاوتن:** ئێمە لەم خولەدا هەولّماندا جگە لە بواری تیۆری میوزیک شیکردنەوەیەکی باشیش لە بواری مقامە کوردییەکاندا بۆ بەشداربووانی خولەکە بکەین، گەرموگوڕیی بەشداربووان و بەرزبوونەوەی ئاستی میوزیکییان سەرکەوتوویی خولەکە پیشاندەدات، لە ماوەیەکی نزیکیشدا هەولّ دەدەین خولێکی دیکە بکەینەوە، بەلاّم ئەمجارەیان هەردوو بواری میوزیک دەگرێتە خۆی واتە پراکتیک و تیۆری دلّنیاشم ئەمجۆرە خولانە سوودی باش بە هونەرمەندان دەگەیێنێت.

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ محەمەد عەزیز کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی خولەکە گوتی:** من ئەم خولە بە گرنگ دەزانم بۆ ئێمەی هونەرمەندان بەتایبەتی گۆرانیبێژان، چونکە ئەم زانیاریانەی کە لەم خولە پێشکەشمان کرا پێویستە هونەرمەندی گۆرانیبێژ شارەزایی تێدا هەبێت بۆ ڕاهێنانی دەنگی خۆمان بەشێوەیەکی زانستیتر. هیواداریین کە لە ڕێگەی ئەم خولانەوە پەرە بە هونەرەکەی خۆمان بدەین، هەموو هونەرمەندێکیش بەشداری لەم جۆرە خولانەدا بکات.

**هونەرمەندی میوزیکژەن بەدرەدین بابەکر کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی خولەکە بەمشێوەیە باسی لە گرنگی خولەکە کرد:** من وەکو میوزیکژەنێک سەبارەت بە خودی خۆم، خۆم بەخۆشحالّ دەزانم کە بەشداریم لە خولێکی لەم جۆرە کردووە، چونکە ئەم خولە پێداچوونەوەیەکی زانستی میوزیکی بوو بۆ من، داوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەکەم کە گرنگی زیاتر بەم جۆرە خولانە بدات، چونکە سوودی زۆری هەبوو بۆ هونەرمەندان.

# چالاکییەکانی کۆلێژی هونەر

**ئا/ هێمن خەلیل**

ڕێکەوتی(٢٠١٠/١/١٨) کاتژمێر(١١)ی سەر لەبەیانی بەئامادەبوونی بەڕێز راگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان و سەرۆکی بەشی شانۆ وقوتابییانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان، قوتابییانی بەشی شانۆ لەهۆڵی کۆلێژی هونەرە جوانەکان هەلّسان بەنمایشکردنی شانۆگەری(سندۆقی خۆلّ) لەنووسینی(ئیدوارد ئەلبی)ولەدەرهێنانی قوتابی (کرمانج مستەفا)و بەیاریدەدەری فەرهاد حەسەن، و شایەنی باسە ئەم دەقە باس لەنووسەرێک دەکات کە لە ڕێگای نووسینەکانی بەکۆمپیوتەر جیهانێک دروست دەکات لەشێوەی جیهانێکی ئالّۆز



وپڕ لەخۆشی و ناخۆشی، هەندێ نووسینەکانی پڕەلەئاسوودەیی لەهەمان کاتدا ناسۆزیشی تێدایە ئەم شانۆگەرییە لەنواندنی قوتابییانی بەشی شانۆ بوو کەبریتی بوون لە(هاوار حەمید، پشکۆ عەلی، شەمالّ عەبدال، بارزان محەمەد).

لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١/١٨ بەسەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، قوتابی بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکان (بەیاد عەبدوللّا فەقێ ئەمین) قۆناغی چوارەم ، پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی میدیا بە ئامادەبوونی هونەردۆستان و مامۆستاو قوتابیان و جەماوەرێکی بەرچاو کردەوە، شایەنی گووتنە ئەم پێشانگایە (٣٠) تابلۆی لەخۆ گرتبوو لە زەیتی و پاستیل، بابەتەکان داڕشتن و نەقلّ و پۆرترێت بوو. ڕێکەوتی ٢٠١٠/١/٢٠ کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ، لەژێر چادێری بەڕێز(پ.ی. د. جوهر فتاح سعید) راگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەئامادەبوونی مامۆستاو قوتابییانی کۆلێژ و هونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆگەری (زیانەکانی تووتن) نمایشکرا، لەنووسینی ئەنتوان چیخۆف و دەرهێنانی ئیمان عیزەدین و ئەکتەری بەتوانا (بەهمەن حاجی) نمایشکرا، شایەنی گووتنە ئەم شانۆگەریە وەکو کارنامەی کارکردنی خوێندنی بالاّ (ماستەر) لەبواری شانۆ پێشکەش کرا.



قەڵەمڕەن

# تیپی مۆسیقای سلێمانی




ئەنوەر قەرەداغی
تایبەت بۆ (هەرێمی کوردستان) دەینووسێت


رەنگە هیچ پێویست بەوە نەکات کە لێرەدا باس لە مێژووی هەموو ئەو دەسکەوتە گەورانە بکەین کە هونەری کوردی لە بواری میوزیک و گۆرانی کوردیدا بەهۆی تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە بەدەستیهێناوە، خۆ رۆڵی ئەم تیپەش لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشەکانی دیکەی رزگاری خوازانەی کورددا زۆر دیارو بەرچاوە کە شان بەشانی پێشمەرگە لە چیاکان لە سەنگەری بەرگری دابوو دژ بە دوژمنانی کوردو کوردستان، تیپی مۆسیقای شۆڕش بناغەی هەرە پتەوەکەی تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو کە شانبەشانی کۆمەڵێکی دیکە لە کەڵە هونەرمەندانی کۆیەو هەولێرو بادینان توانیان وورەیەکی دیکەی گەورە بن بۆ پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگریدا بۆیە هەر کەسێک ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری تیپی مۆسیقای سلێمانی بکات، ئەوا دەزانێت کە تیپی مۆسیقای سلێمانی مانای قوربانیدان و دەسکەوتی گەورەی هونەریە، بەڵام ئەمڕۆ جێگای داخە کە وەکو پێویست ئاوڕ لەم تیپە نادرێتەوە کە مێژوویەکی هەرە درەوشاوەی هونەری کوردییە لە هەموو کوردستاندا، دەبوایە وەزارەتی رۆشنبیری بە تەنگ داواکارییەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە بوایەو لە نزیکەوە لە گرفتەکانی بکۆڵیبوایەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بدایە، بۆیە پێویستە ئێستاش وەزارەتی رۆشنبیری بەم کارە هەڵسێت و هەوڵی بووژانەوەی ئەم تیپە بدات بەدابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی لە دروستکردنی بینای تایبەت بەخۆی و دامەزراندنی ستۆدیۆیەکی مۆدێرن و سەردەمیانەو دابینکردنی ئامێرەکانی مۆسیقاو دابینکردنی بودجەیەکی مانگانە، داواکارم وەزارەتی رۆشنبیری بەم ئەرکە پیرۆزەی خۆی هەڵسێ و پێویستیشە دەستەی بەڕێوەبەرانەی ئەم تیپەش بە ئەرکی خۆیان لە پێناوی بەردەوامی تیپی مۆسیقای سلێمانی هەڵسێت و دەبێت هەموومان بزانین ئەم تیپە واتا مێژوویەکی درەوشاوەی گەلەکەمان، کەواتە حەیفە ئەم مێژووە لە یاد بکەین.